**چەکدارکردنی منداڵان وەك تاوانی جەنگ**

عەلی مەحمود محەمەد

١٢ی فیبریوەری رۆژی جیهانی دژ بە چەکدارکردنی منداڵانە لە جیهاندا, چەکدارکردنی منداڵانی کەمتر لە ١٥ ساڵ بە پێی پەیمانامەی رۆما وەك تاوانی جەنگ سەیر دەکرێت, هەمو مرۆڤێك بە پێی یاسای مرۆیی جیهانی مافی خۆیەتی تەمەنی منداڵی خۆی لە دەرەوەی شەڕو ترس بەرێتە سەر بە خوێندن و یاری و نازی دایك و باوك.

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی منداڵان هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمترە لە ململانێی چەکدارییەکان بەشداریان پێ نەکرێت و ئەمن و ئاسایشیان پارێزراو بێت, هەوڵ دەدات بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردە جیهانییە.

ئێستا لە جیهاندا سەدان هەزار منداڵی کەمتر لە ١٨ ساڵ چەکدارکراون و لە ململانێ چەکدارییەکان بەکار دەهێنرێن, عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانە,وە تا ئیستا چارەنوسی هەزاران منداڵی ئێزیدی نادیارە لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە , بەشێکیشیان لە کردارە چەکدارییەکان بەشدارییان پێکراوە,لە لایەن داعشەوە, گروپی بۆکۆ حەرام لە نیجیریاو داعش لە عێراق و سوریا و شەباب لە سۆماڵ و گروپە چەکدارەکانی یەمەن و بەشی زۆری وڵاتانی ئەفریقا و ئەفغانستان و ..... سەدان هەزار منداڵیان چەکدار کردووە و لەکاروباری سەربازی و کاری خۆکوژی بەکاریان دەهێنن.

لە سەردەمی جەنگی ئێران -عێراقدا دەسەڵاتدارانی ئێرانی هەزاران منداڵیان لە شەڕی ئێران عێراقدا بۆ تەقاندنەوەی مینەکان بەکار هێنا.

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی سزای قورسی دیاریکردووە بۆ ئەو کەس و لایەنانەی منداڵان چەکدار دەکەن و لە ململانێ چەکدارییەکان بەکاریان دەهێنن, یاخود ئازاریان دەدەن یان وەك داعش دەیان رفێنن.

تۆماس لۆبانجۆ" سەرکردەی سوپای نیشتمانی رزگاری کۆنگۆ" بە ١٤ ساڵ زیندانی و قەرەبووی قوربانیان حوکم درا لە لایەن دادگای تاوانی

نێودەوڵەتییەوە , بەتاوانی چەکدارکردنی منداڵانی کەمتر لە ١٥ ساڵ لە ١٠ ی یۆلی ٢٠١٢ دا.

هەروەها بۆسکۆ نتاغلتدا لە ساڵی ٢٠١٩, وە دۆمینیك ئینجۆین لە ئۆگەندا لە سوپای خوا لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە بەهەمان تاوان دادگایی دەکرێن.

لە رابردووشدا جاشە کوردەکان بە تایبەتیش فەوجە خەفیفەکان بۆ موچەکانیان مندالانی کوردیان چەکدار دەکرد, بەشێکیشیان کە کەمتر لە ١٨ ساڵ بوون لە جەنگەکاندا دەکوژران.

لێرەوە داوا لەسەرجەم پارتە کوردستانییەکان دەکەین پابەند بن بە پرنسیبە دەوڵەتییەکانەوە, منداڵانی کەمتر لە ١٨ ساڵ لە ریزەکانیان بەهیچ بەهانەیەك وەرنەگرن, سزا بەهانەکان نازانێت, چەکدارکردن منداڵان دەیانباتە ریزی تاوانکارانی نێونەتەوەییەوە, بەتایبەتیش چەکدارکردنی منداڵانی کەمتر لە ١٥ ساڵ وەك تاوانی جەنگ دەناسرێت.

رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید Kurdistan without genocide

تۆڕی "Koncicc"

" ican Kurdistan netwerk "

رێکخراوی بەرەنگاربونەوەی چەکی کۆکوژ لە کوردستان Organization Against Weapons of Mass Destruction in Kurdistan

رێکخراوی هەڵمەتی دادپەروەری Organization of the Justice Campaign

A world without chemical and biological weapons-www

هەڵمەتی ژیان نا بۆ ئیعدام The Life campaign to abolish the death sentence in Kurdistan.-LDS

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠


The perpetrators of genocide
Kurdistan must be tried in court




Red
Hand
Day